مەسعود بارزانی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی دەنگی دا



بەیانیی ئەمڕۆ سێشەممە، 11ـی تشرینی دووەمی 2025، مەسعود بارزانی لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتیی پەرلەمانی عێراق، لە بنکەیەکی پیرمام، لە سنووری پارێزگای هەولێر، دەنگی دا.

کاتژمێر 07:00ـی بەیانیی ئەمڕۆ سێشەممە 11ی تشرینی دووەمی 2025، لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆسەی دەنگدانی گشتیی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق دەستپێکرد.

بە گوترەی ئامار و تۆمارکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق زیاتر لە 20 ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە، کە زیاتر لە دوو ملیۆن و 800 هەزار دەنگدەر لە هەرێمی کوردستانن.